## ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕی میدیا، کامیلی ئەحمەدی:

# ئەو ڕۆژنامانەش کە بە حزبەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەزۆرکێشەی ترەوە بەستراونەتەوە



کامیلی ئەحمەدی

کامێرای کۆمەڵ

ئا : ئەکرەم فەریدون
هەژار حاتەم
( ٢ـ ٢ )

+ مامۆستا ئەوەندەی دیراسەی ڕاگەیاندنی کوردیت کردبێت، لاوازی ڕاگەیاندنی کوردی لەچیدایە؟

ـ ئەمن نە تەنانەت لەکوردستان ڕاگەیاندنی کوردیم دیتبێت، بەڵکو لەدەرەوەش ڕاگەیاندنی کوردیی لەچاومدایە، بەهۆی ئەوەی کە دەبێت لەسەری بکۆڵمەوەو بنووسم، لاوازی دەزگای ڕاگەیاندنی کوردیی، تەنیا یەك شتە، ئەویش ئەوەیە کە سەربەست نییە، یان ئەوەی کە لایەنی سەربەستی کەمە.

**بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردیی سەربەخۆ بێت، پێویستە حکومەت لەنێو خۆیدا هەندێک ڕوونتر و ئاشکراتر بێت، ترسی ئەوەی نەبێت کە لەسەری بنووسرێت، گەندەڵیی و فەسادی ئیداریی کەمتر ببێتەوە، هەروەها هەموو ئەوانەش بە جوگرافیای ئەو شوێنەوە بەستراونەتەوە، واتە هەموو شتەکان بەیەکەوە پەیوەستن**

سەربەخۆ بوون، یان سەربەستبوون مانای چییە؟ ئەوەیە کە ئەگەر کەناڵێکی تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ، یاخود ڕۆژنامەکان نەوێرن شتێك بنووسن کە لە ڕووەکانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، یان ئاینییەوە.. هتد، ئاستەو بەرتەنگی بخاتە بەر دەزگای ڕاگەیاندن.

من پێشتر نموونەم بۆ هێنایەتەوە، کە پرسیت ئایا لە ئەورووپاو ئەمریکا دەزگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەیە؟، بێگومان وتمان نییە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، ئاستەکان لەوێ هەمووی شتی بازرگانین، زلهێزێکی خاوەن سەرمایە هاتووەو کۆمپانیایەکی میدیایی داناوەو ڕۆژنامە دەردەکات، هێڵی سووریشی بۆ داناوە کە نابێت لەوە زیاتر لێی لابدەن، چونکە پێیانوایە لەلایەکی ترەوە زەرەر دەگەیەنێت بەنیزامی سەرمایەداری، یان کۆمپانیاکانیان.

بەڵام لە کوردستان، زۆربەی ڕاگەیاندنەکان بەدەست پارتە سیاسییەکانەوەن، ئەوەش واتە زاری (کەناڵی) پڕوپاگەندەی سیاسیی ئەو حزبانە کە زۆربەی خەڵکانیش گوێیان لێیان دەبێت، کەوابوو کاریگەریشیان لەسەر خەڵك زیاترە، ئێستا دیقەت بدە زاگرۆس و کوردسات زۆرترین خەڵك سەیریان دەکات، پاشی ماوەیەك، کە شتێکت زۆر گوێ لێبوو، زاتی گوێگر، خوێنەر یان بیسەر وایە کە پێیانوایە شتەکان ڕاستن، یان ئەو مەجالە لە مێشکیدا لەدەست دەدات کە بتوانێت قەزاوات بکات، "پرسیاری با ئەمن شکم لەسەر ئەو بابەتەی هەبێت" لەدەست دەدات، خۆ بەخۆ شتەکان وەردەگرێت، ئێستا لە کوردستان ئەوەندەی من بزانم زۆربەی ڕۆژنامەکان سەربەخۆ نین، ئەوانەش کە بە حزبەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەزۆرکێشەی ترەوە بەستراونەتەوە، ڕێکخراوە ئەورووپییەکان پارەیان دەدەنێ، ئەوانیش خەتی سووریان بۆ دانراوە، ئەوانەیش لەناو جەدوەلدان، مەبەستی منیش زیاتر لەسەر ئەوانەیە کە زلهێزن لەبواری ڕاگەیاندندا، دیاریشە کە لەکوێرا ئاو دەدرێن و لەکوێدا سوودیان لێوەردەگیرێت.

+ ببورە مامۆستا، ئێتوانیبە ڕاطەیاندنی کوردی، جطە لە حزبیبوونەکەی تاکو ئێستا ماویەتی لەڕووی کادیرو سەرمایەوە ئیداویستی تەواوی خۆی بۆ تەرخان بکرێت؟

ـ ڕاستە لێرە لایەنە گەورەکانی ڕاگەیاندن سیاسین، بەسەرچاوە سیاسییەکانەوە ئاو دەدرێن و لەوێراوە خەڵکیان بۆ دەنێردرێت، بەڵام بەحەقیقەت ڕاگەیاندن لەکوردستان هەر خۆی شتێکی تازەیە، هەر بۆیە پیشەیبوون، تایبەتمەندیبوون لەو بوارەدا زۆر کەمە، ئەوەش ئایا چەند کاریگەری دەبێت، بەدەست کێیە، مامۆستاکان کێن، شێوازی وانەکان چۆنن؟، لەناو حزبەکانیشدا ئەوانەی پسپۆڕن لەبواری میدیادا زۆر کەمن، بەڵام کاتێك تۆ خەڵکێکی بەنەوعێك دێنی کە لەئاستی ڕاگەیاندندا، لە یاسای ڕاگەیاندندا بەشێوازێکی جوان تێناگات، بەجوانی ڕانەهێنراوە، خوێندنەکەی لەسەر ئەوە نەبووە، تەجروبەکەشی شتێکی سادە بووە، چونکە ئەو کەسە لەوانەیە لە شاخ و چیاکاندا، وەکو پێشمەرگەیەك بەدەستی هێنابێت، یان ئەوەتە لەنێو کۆمەڵدا هەندێ شتی نووسیوەو بۆتە کەسێك و بەنێوی نووسەرێکەوە ناسراوە، دواجار بابەت و نووسراوەکانیشی لاوازو بێهێز دەبێت.

بەبڕوای من تەنها چارەی ڕاگەیاندنی کوردیی ئەوەیە ببێتە کەرتی تایبەتی (خصوصی)، یانی ئەوەبێت خەڵکی بازرگان پشکی لێ بکرن، هەروەها لەلایەنی قەڵەم و نووسراویشەوە، بەڵام دیسانیشەوە بڕوا ناکەم تۆ بتوانی زۆر بەزەقی شت بنووسی، نموونە دکتۆر کەمال سەید قادر گەرچی ئسلوبێکی ڕۆژنامەنووسی نییە، ئەوە ئسلوبێکە کە من وەکو خۆم بەدڵم نییە، بەهۆی ئەوەی کە جنێو سووکایەتی لەنێو ڕۆژنامەو نووسیندا لەهیچ عورف و قانوونێکدا نییە، هەندێ خەتی سووری تێپەڕاند لەسەر بنەماڵەی بەڕێز بارزانی.

کەواتە ئەو هێڵە سوورانەی کە باسمان کردن گەر بازرگانەکانیش پشکیان هەبێت هەر ڕێگە نادەن هەندێ سنوور هەیە تێیپەڕێنیی.

+ بەبۆضوونی بەڕیزت بۆضی دەسەلاتدارەکان، تەنانەت دیموکراسیخوازەکانیش لەڕاطەیاندن، بەتایبەت ئەوانەیان کە ئیطەیەکیان هەیە دەترسن؟

ـ ئێستا لە ئەورووپاو ئەمریکا (وڵاتە گەشاوەکان) میدیا زلهێزترین هێزی سیاسییە لەنێو وڵاتدا، لەخیلالی چەند ساعەتێکدا دەتوانێت وەزیرێك بکاتە هاووڵاتییەکی سادەو دایبەزێنێت لەسەر کورسییەکەی، دەتوانێت لەسەر (بۆنموونە) گەندەڵی بنووسێت لە خیلالی چەند هەفتەیەکدا خەڵکانێکی زۆر کەمافیان خوراوە، چارەسەری کێشەکەیان بکات، دەتوانێت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان بنووسێت و ڕوونی بکاتەوەو بیداتە مەحکەمە. کەواتە دەتوانێت زۆر شت بکات.

بۆیە بەڕاستی ئەگەر ڕاگەیاندن، لایەنە سیاسییەکە وەلا بنێت و هەندێ بەرژەوەندی خەڵك کە شاردراونەتەوە، بەهۆی ئەوەی کە لەبەرژەوەندی خەڵکی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارادایە، ئەوە بەڕاستی جێگای مەترسی دەبێت بۆ دەسەڵات، دەسەڵات کاتێك لەڕۆژنامە دەترسێت کەشتێکی هەبێت بۆ شاردنەوە، بابەتێك هەبێت پێی خۆش نەبێت کە خەڵکی بیزانێت، جا ئەوە چ لە ئێرەبێت، چ لە ئەورووپا، یان هەر شوێنێکی تر هەروایە، زۆرشت لەوڵاتە گەشاوەکان ڕوودەدات، بەڵام نایانەوێت خەڵکی بیزانێت، ڕیپۆرتاژێك خەبەری پێدەگات، لەنێو حکومەتدا یەکێك هەیە جاسووسی بەسەرەوە دەکات و شکاتی لێ دەکات، وەزیری کارو پیشە لە بەریتانیا، پێش ئەوەی من بێمەوە، ئیستیقالەیان پێکرد، لە خیلالی دوازدە سەعاتدا، چونکە پێش ئەوەی لەکابینە دەرچێت، گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکدا بەست و بوو بەسەرۆکی کۆمپانیا، بەڵام بەپێی قانوون دەبوو (٧٢) ڕۆژ بەسەر دەرچوونی لەکابینەدا تێپەڕ بێت، ئینجا ئەوە بکات، پاش سێ مانگ ڕۆژنامەنووسێك لە (دەیلی تەلەگراف)دا پێی زانی و لەسەری نووسی، ڕۆژنامەکانیتریش لێیانەوە وەرگرت، بۆیە لە خیلالی دوازدە سەعاتدا لەنێو کابینەی حکومەت ئیستیقالەیان پێکرد، ئێستا تەنها لەپەرلەماندایە، ئەوانە لەئەورووپا هەیە، بەڵام ئایا لەکوردستاندا هەیە؟، ئایا تۆ دەتوانیت بابەتێك لەسەر وەزیرێك بنووسی، نەك لەحیلالی دوازدە سەعات، بەڵکو لەخیلالی چەندین مانگ و ساڵێشدا ئیستیقالەی پێ بکەیت؟، بڕوا ناکەم!، بەڵکو لەوانەیە لێرە حەقیقەتیش بنووسیت (بۆ نموونە لەسەر گەندەڵی بنووسی) باوەڕت پێ نەکەن، دەڵێن تۆ بڵێی ڕاست بکات؟!

+ زۆربەی کات ڕۆذنامەنووسە بیانییەکان، یان ئەوانەی کەریطەیان ئیدەدریت بەرووماڵکردنی ڕووداوەکان، (بۆ نموونە جەنطی عیراق ـ ئەمریکا) جا لەلایەنی هەر لایەنێکیانەوە بێت، بە جاسووس دەناسرێن، یان تۆمەتی سیخوڕییان دەدریتە ئالا، جەنابت ضۆن ئەوە لێك دەدەیتەوە؟، ئایا ضۆن دەڕوانیتە ئەوەی کە ڕۆذنامەوانان ئیشەکەیان تێکەڵا بەکاری جاسووسییء سیخوڕیی بکەن؟

ـ جا وەڵڵا ڕۆژنامەوان هەیە جاسووسی دەکات، بۆ دەزگایەك، بەحەقیقەت ئەوە دیرۆکی هەیە، چەند کتێب لەسەر ئەوە نووسراون کە ڕۆژنامەگەریی چۆن چۆنی بۆتە خزمەتی دەزگا جاسووسییەکان، بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەوانان کارتێکی دەدرێتێ، تاکو سەربەست بێت لەچونە هەرکوێیەك بێت و بۆ لای هەرکەسێك بێت، دەگاتە هەندێ شوێن کە هەموو کەس ناتوانێت بچێت، بۆیە دەزگا جاسووسییەکان دەمێکە بیریان کردۆتەوە، کە ڕۆژنامەوانان باشترین هۆکارن بۆ ئەوەی بگەنە ناو جەرگەی هەندێ شوێن، زۆرجاریش ئاشکرا بوون و گیراویشن، جا ئەوە ناوێکی خراپی داوەتە ڕۆژنامەنووس، زۆرجاران بەمن وتراوە: ئەرێ ئەوە تۆ کێی؟ هەر ڕۆژەو لەوڵاتێکی؟ چی دەکەی؟، لەسەر ئەو لایەنەو ئەوە دەنووسی، زەردی، سەوزی، سووری، پەمەیی.. یانی خەڵکی ئەو قەزاواتانە دەکات، بەڵام تەنها دەتوانی حەقیقەتەکان لە قەڵەمتەوە نیشان بدەیت، هەندێ شت هەیە بکەی و هەندێکیش هەیە نەیکەی، گەرچی ئەو گومانەت هەر لەسەر دەمێنێ.

ئەوەش شتێکی ئاساییە کە خەڵك وا بیر بکاتەوە، کە تۆ دەچیتە ناو چەندین دەسەڵاتەوە، لەگەڵ چەندین دەسەڵاتدار دادەنیشیت و پرسیاریان لێدەکەیت، لەسەریان دەنووسی، کاتێکیش دەنووسی لای چەپ پێی خۆش نییە، لای ڕاست پێیخۆشە، بۆیە ئەگەر ئەو مەترسییانەت لە پێش چاو بێت، ناشتوانی بەسەربەخۆیی کار بکەیت، بۆیە من پێموایە کە ئەوە ئینتیخابی خۆتە، کە چۆن کار بکەیت، زۆر ڕۆژنامەوان بەڵێ هەیە بەئاراستەی خزمەتی دەسەڵات دەیسوڕێنن.

+ ئیشتر جەنابت وتت کە ڕاطەیاندنی سەربەخۆ لە کوردستانیشدا کەمە، کەوابێت ئیشنیازت بۆ دروستبوونی ڕاطەیاندنێك کە با بلێین سەربەخۆترو ئەکتیظتربێت لەم حالەتەی ئیستای ضییە؟

ـ سەربەخۆبوونی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە سەر سەربەخۆبوونی کۆمەڵ، ئەو دوو شتە لەگەڵ یەکتر دەڕوات، یانی هەر چەندە ڕاگەیاندن سەربەخۆ بێت، بەڵام گەل و میللەتەکە لایەنێکی سیاسیی بەکاری بێنێت، بێسوودە، ڕۆژنامەیەك گەر سەر بەدەسەڵات بێت، چەندین سنوورو خەتی بۆ کێشراوە کەناتوانێت لێیان لابدەیت.

تەنها چارەسەرێك بتوانێت بکرێت ئەوەیە، کە حکومەت لەنێو خۆیدا هەندێك ڕوونترو ئاشکراتر بێت، ترسی ئەوەی نەبێت کە لەسەری بنووسرێت، گەندەڵیی و فەسادی ئیداریی کەمتر ببێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بازرگانەکانیش بەشداری بکەن و پشکیان لەڕاگەیاندندا هەبێت، ئەوکاتە، تەنها کاتێکە کە بتوانرێت ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەبێت، هەروەها هەموو ئەوانەش بە جوگرافیای ئەو شوێنەوە بەستراونەتەوە، واتە هەموو شتەکان بەیەکەوە پەیوەستن، ئەتۆ بڵێیت ڕۆژنامە سەربەخۆ بێت، بەڵام خەڵکەکە لەشێوەی خۆی بمێنێتەوە، ئەوە نابێت و زەحمەتە.

---

## بایەڵێکی دی



# گەنج و قەیرانی شوناس **

پەیوەند عومەر*
Paewandomar@yahoo.com

وەك دەبینرێت دوای مێژوویەکی دوورو درێژ لە مەندیو پاسیڤ بوون، ئەمڕۆ بزاوتێکی گەنجانەی هەرەمەکی بەڕێکەوتووەو دەیەوێت ڕۆحی خۆی لەو قەفەزە ئاسنینە کلتوریە ڕزگار بکات، کە لای وایە هیچ بەهایەکی بۆ گەنج بوونی نەهێشتووەتەوە. ئەو بزاوتە سەرەتایی و بێ شوناسە لە هەناوی کۆمەڵگایەکی پچڕاوو بێ شیرازە هەنگاو هەڵدەگرێت و سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیاو گروپ و لایەنێك نییە، ئەوەی خودانی ئەم بزاڤەیە بێ موبالاتیو ناعەدالەتی سیاسییو کۆمەڵایەتییە، کە دەیەوێ سەراپای چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بکاتە ڕەعیەت و بە کلتوری شوانکارەیی بیخاتە پێش خۆی بەرەو مەهزەلە سیاسییەکان .

گەنج، کە هەڵگری ڕەگەزەکانی گۆڕانەو کۆمەڵگا لە ڕێگایەوە نوێ دەبێتەوە لە هەموو ئاستەکانداو ڕۆحی لە کەوتن دەپارێزێ، وەختێ گەنج کۆمەڵگا ڕێگەی نادات ئەو ڕۆڵە ببینێ و بەو ئەرکە هەستێ سروشتییە کە پەنا بەرێتە بەر یاخیبوون و گیانی بەرەنگاری لە هەر شتێکی دیکەی لا گرنگتر بێت. ئەوەش بەرئەنجامی ئەوەیە، کە یاخیبوون یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گۆڕان، هەڵبەت یاخیبوون بە مانا عەقلانی و میتۆدیەکەی کە شکاندنی قفڵەکانی پاسیڤ بوونە، نەك پشێویو نا ئارامی.

دەکرێ لەدوو خاڵی سەرەکیدا یاخیبوونی گەنج فۆرمەلە بکەین و مانا و مەدلولەکانی بەرجەستە بکەین.

### ١ـ یاخیبوونی سروشتی

هەموو تاکێك بێ جیاوازی ڕەگەزی (نێرو مێ) دوای تێپەڕبوونی زەمەنێك، کە بەتەمەنی منداڵی ناودەبرێ، دواتر دێتە دۆخێکی تازەوە کە بەهەراشبوون و پێگەیشتنی تەمەن دەژمێرێت، هەڵبەت ئەم تەمەنە لێرەدا سەرەتای تەکانی عەقڵی و گەشەکردنییەتی، هەر بۆیە لەچەند ساڵی یەکەمی ئەم دۆخەدا جۆرێك لەلائیرادی و نائارامی لەکەسەکاندا دروست دەبێ، کەسەرجەمییان پەیوەندییان بەگەشەی پێکهاتە ئینسانییەکەوە هەیە.

گەنج لەم قۆناغەی ژیانیدا هەوڵدەدا، سەرلەبەری شتەکان تازە بکاتەوە، وەك تەمەنە نوێیەکەی خۆی، نایەوێت سیاسیەت تەنهاو تەنها بەدەست پیرەکانەوە بێ، ناخوازێ کۆمەڵگا ئینتیمایەکی پیرانە هەڵگرێ و کلتوری پیر سەروەری بکات. ئەمەش حەقێکی مەشروعی گەنجە کە خودانی ئەو گۆڕانە بێ سەرکردایەتی بکات. ئەگەرنا زەرووڕەتی گەنجبوونی لەدەست دەدات.. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت، بۆچی قۆناغی گەنجێتی مرۆڤ زۆرینەی تەمەن داگیر دەگات، خودا ئەم خواستە درێژەی بۆ لەتاکەکاندا چاندووە؟

### ٢ـ یاخیبوونی ڕکابەری یان پەرچەکردار.

هەرکاتێك کلتوری پیر هەر چی زووتر لەسەر مانەوەو سەروەری خۆی پێدادەگرێت و دەیەوێت نەوەکانی دوای خۆشی کۆپیو درێژکراوەی خۆی بێت، دەست بەسەر تەواوی کایەکاندا بگرێت، ئیتر بزانێ یاخود نا، ڕوحی گەنج تیرۆر دەکات و وەکو ڕۆبوتێك بەکاری دەهێنێ و زۆرجاریش لەشەڕەکاندا بەربادی دەکات، ڕوحی گەنج کەڕوحێکی یاخی پڕ لەگۆڕانەو دەتوانی زۆر ئیجابی بێ بۆ کۆمەڵگاکەی.. لەگەڵ کلتوردا تێك دەگیرێ، چونکە گەنج نایەوێ ئەو ڕایەڵە فیکریو سیاسییانەی کە بەمێژووی بەر لەخۆیەوە دەبەستێتەوە لەئەلفەوە بۆ یای ئەزبەر بکات.

ئیدی پەنا دەباتە بەر یاخی بوونێکی کردەییو دەیەوێت لەبەرچاوی کۆمەڵگاوە هاوار بکات (من چیدی لەگەڵت نایەم) من دەمەوێ هەر خۆم بم و چیدی کارەکتەری کەسایەتی تۆ نەبم. ئەمەش گەورەترین تاوانە کە ئەنجامی دەدات، چونکە پرسی کۆمەڵگای لەسەر نییەو وەسێتەکانی ئەو جێبەجێ ناکات. هەرچی پەیوەندی بەهۆکاری دووەمیشەوە هەیە ژینگە کوردی داخراوترین ژینگەیە، نایەوێ دەرگای کرانەوە لەسەر خۆی ئاوەڵا بکات، تاکو ئاراستەکانی گۆڕانیان تێ بکەوێت، هەڵبەت سیاسیەتی کوردی سەرکردایەتی ئەم کەشە دەکات و خۆی لەم گەمەیە دەپارێزێ و پێداگری لەمانەوەی دەکات، بۆیە دەکری بگوترێ گەنجی کورد پشکی شێریان لەیاخیبوونی شەڕانگێزانە بەردەکەوێت، ڕوحی شەڕانگێزانەش ئەگەر ساتیزمە نەکرێت و خەلفییەتێکی فەلسەفیو عەقڵانی ئاراستەی نەکات چیدی نابێ و بەرگەی کەمترین هێرشی کۆمەڵگا ناگرێت و پەکی دەکەوێت.

ئەوەی گرنگە بگوترێ ئەوەیە، کە گەنج بۆ هەر هۆکارێك لەو دووهۆکارە بێتە پێشەوە گرنگە، مانای ئەوەیە ڕوحی ئەو کۆمەڵگایە زیندووە ئەم جۆرە بەرخودانەش هەنگاوی دەسپێکردنی گۆڕانە، بۆ ئەوەی لەزووترین کاتدا بگاتە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ، دەبێ زۆرترین سود لەزەمەنی گەنج بوونی خۆی وەرگرێ و بەمیتۆدێکی عەقلانی هەمەلایەنەو لەسەر خۆ کار بکات.

* دوو هەفتە جارێك دەینووسێت.
** داوای لێبوردن لە کاك پەیوەند عومەر و خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەکەمان دەکەین، کەلەبەر گرنگی و درێژی بابەتەکەی کاك مەسعود عەبدولخالق ( لەلا پەڕەی بیروڕادا )، گۆشەی ( ڕایەڵێکی دی ) لێرەدا دامانبەزاندووە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com